# خەلکی عیراق لە بەرامبەر هەرەشە و هیرشە کانی ئەمریکادا
# چاوەرێی چ چارەنوسیکە

عوسمان حاجی مارف
ghafur@ukonline.co.uk

۳۰سال زیاترە خەلکی عیراق زەلیل و ژیردەستەی سەرکوتی دەسەلاتی ناسیونالیستی عەربیە و رژیمی بەعس هەزاران نەهامەتی و دەردی سەری سەپاندووە و بە شیوەی دەسەلاتی مافیایی فرسەتی نەداوە جەماوەری خەلك تیکەلاو بە ژیانی سیاسی بن، وە حکومەتی بەعس پاسەوانی ژیانی بەندایەتی لە چوارچیوەی سنووری عیرقدا کردووە. هەر لە سەرەتای هەلسورانی حیزبی بەعس و گرتنی دەسەلاتی سیاسیان نمونەی درندەترین باندی مافیایی بوون.

بە گشتی ناسیونالستی عەرەبی لە تەواوی وولاتە عەرەبیەکاندا دەوری سەرکیان بینیوە لە دوورخستنەوەی تەواوی دەوری خەلکی لە ژیانی سیاسیدا، رژیمەکانیان لە سەر ئەساسی بێ دەخالەتی و عەزل کردنی خەلك و سەرکوتی سیاسی بەریوە دەبەن، دژ بە ئازادی سیاسین. لە دەستور و یاسای حکومەتەکانیاندا بە هیچ جوریك ریگەیان نەداوە و نەیانهیشتوتەوە بۆ بەشداری و دەخالەتی خەلك لە دەسەلاتی سیاسیدا.

حکومەتی میلتاندی بەعسی ناسیونالست نوینەری هەرە توندی ئەو رەوتە ناسیونالستەیە کە وەك نمونەی باندی مافیایی بونەتە بار بەسەر خەلکی عیراقەوە، دەوری بالای بووە و هەیە لە وەلاخستن و بەر گرتن بە هاتنە مەیدانی خەلك نەك بۆ بەشداری لە دەسەلاتی سیاسی بەلکو بۆ داواکردنی سادەترین ماف و خواست پیداویستسەکانی، گرتن و ئەشکەنجە و کوشتن و هەلواسینی هەزاران نەیارانی خۆی بە ئاشکرا کاری رۆژانەی دامودەزگا سەرکوتکەرەکانی بووە، هیرشی بەردەوامی بۆسەر کوردستان و بۆمبارانی کیمیایی خەلکی و مالویران کردن و تۆقاندن و راگەیاندی حوکمی سەربازی ژیانی هەمیشەیی خەلکی کوردستان بوو، پەلاماری خەلکی ئەهوارەکانی خواروی عیراق، ۸سال شەری ئیران و عیراق و سەربازی بەزۆری سەدان هەزاری و کیشکردنیان بۆ بەرەکانی جەنگ، پەلاماری کویت، بەدوای شەری خەلیج هیرشی درندانەی بۆ سەر خەلکی خواروی عیراق و ئاوارە کردنی ملیون ئنسان، سەدان نمونەی کوشتنی بە کۆمەل لە میژووی حاکمیەتی ئەم مافیا درندەیەدا تۆمار کراوە کە موستەهەقی گەورەترین دادگایی ئاشکرای ئینسانیەتە، خەلکی عیراق شایانی ئەم چەشنە لە دەسەلاتی سیاسی نیە و تەفروتوناکردنی دەسەلات و دام و دەزگاکانی ئەم رژیمە لە یەکەم رۆژی هاتنە سەر حوکمی تا ئیستا خواستیکی ئینسانی و سیاسی و کۆمەلایەتی خەلکی عیراقە.

ئوپوزیسۆنی بۆرجوازی عیراقی و حیزبە کوردیەکان هیچ کات کیشە و شەریان لە بەرامبەر ئەم تاقمە مافیایەدا کەم کردنەوەی ئازار و مەینەتیەکانی خەلکی نەبووە، هیچ کات بەرنامە و سیاسەتیان نوینەرایەتی هاتنە مەیدانیی خەلکیان بۆ دەخالەتی سیاسی لە دەسەلاتی سیاسیدا نەکردووە لە باری عەملیشەوە دەوریکی زیاتریان بووە لە وەلاخستن و تەریك کردنی نارەزایەتی خەلکی، لە بێ ئیرادەکردن و دەخالەتی سیاسی خەلکی، لە بێ ئومیدکردنی خەلکی بۆ روخانی حکومەتی بەعس.

ئابلوقەی ئابووری و شەری خەلیج بەردەوامی هەمان تراژیدیا و مەینەتی و بێ ئیرادەیی خەلکی و بێ ئاسویی زیاتری خستە سەر نائومیدی خەلکی بۆ دارمانی ئەم کابوسە ترسانەکە، ئاکامی نەخشە و هیرشەکانی دەسەلاتدارانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی بۆ سەر عیراق و دریژە دانیان بە ئابلوقەی ئابووری زیانی زۆر قورستر بون بەسەر جەماوەری خەلکی عیراقەوە.

تەواوی میژووی حاکمیەتی حکومەتی بەعس و ململانێی هیزە بۆرجوازیەکانی ناوخۆی عیراق لە ئیسلامی و ناسیونالستەکان و جەنگی ئیران و عیراق و هەرشە و هیرشەکانی حکومەتی ئەمریکا، راگرتنی کۆمەلگەیەکی ژیر دەست وبێ ئیرادە و بەندایەتی بووە. هیچ جیگای ئومیدی رزگاری جەماوەری ستەمدیدەی خەلکی عیراق نەبووە و نین. تەواوی شەر و ململانێی سیاسی جەرەیاناتی بۆرجوازی لە بەرامبەر ۳۰ سالی رابردووی حاکمیەتی بەعسدا دەوری جدی بووە

بۆ لاوازکردنی خەبات و نارەزایەتی خەلکی، بێئیرادەکردنی خەلکی، دەوریان بووە لە بەرگرتن بە دەخالەتی خەلکی لە دیاری کردنی چارەنوسی سیاسی خۆیدا.

هەرەشەکانی ئیستای حکومەتی ئەمریکا و خۆ ئامادەکردنی هیرش بۆ سەر عیراق بە ناوی جەنگ بە دژی تیروریزم کە تەواوی میدیای جیهانی داگرتووە و ململانێی کیشەیەکی نیو دەولەتیە و ئۆپۆزیسونی بورجوازی و ئەحزابی ناسیونالستی کوردی سیاسەتی خۆیان پیوە گرێ داوە، نەك بە هیچ جوریك پەیوەست نیە بە ئامانج و خواستەکانی خەلکی عیراق و کوردستانەوە بە لکو دوبارە دریژەدانی هەمان سیاسەتی شەرخوازانەی دژی ئینسانیانەی خەلکی عیراق و کوردستانە، مالویرانی و سەرگەردانی زیاتری خەلك و شیواندنی شیرزاەی زیاتری ژیانی کۆمەلگایە، کەمتر نابیت لەو مەئسات و ترژیدیایەی لە سەر خەلکی فەلەستین و ئەفغانستان بینیمان.

بە دوای ١١ سیپتەمبەروە کە عیراق بۆتە نیشانەیەکی هەرەشەکانی دەسەلاتدارانی ئەمریکا، بەتایبەتی بەدوای شەری ئەفغانستان، هەرەشەکان و دانانی پلان و نەخشەی شەر بۆ سەر عیراق، جەماوەری خەلکی عیراقی لە ناو دۆزەخیك و لە حالەتیکی ترسناك و چاوەروانی وەهادا راگرتووە کە زیاتر بێئیرادە و بێدەسەلاتیان کردووە، کابوسی صدام و حکومەتی بەعس، کابوسی هەرەشەی حکومەتی ئەمریکا لە خەتەرناکترین دەورانەکانی ژیانی خەلکی عیراقە کە لە فکری هەر ئنسان و کۆمەلانی خەلکدا، جۆرەها تەفسیر و جەنجالی و رەشبینی و نائومیدی لە ساتەکانی ژیانیاندا لیك دەدریتەوە.

هەلومەرجێ کە ئیستا خەلکی عیراق لە بەرامبەر سیاسەتی شەر خوازانەی ئەمریکا و ململانێی نیودەولەتی و ئوپوزیسیونی عیراقی لەسەر چارەنوسی دەسەلاتی سیاسی لە عیراقدا بەرەو رویەتی، وە حکومەتی ئەمریکا لە هەول و پلانی دانانی دەسەلاتدارانیکی گوێ لە مستی خۆیەتی لە حکومەتی ئایندەی عیراقدا، هەمان سیناریوی چەند سالەی ژیانی خەلکی عیراقە لە بێئیرادەکرن و نەدانی فرسەتی دەخالەتی لە دیارکردنی دەسەلاتی سیاسی بە نیاز و خواستی زۆربەی خەلکی عیراق، ئەو جۆرە پلانانە کە لە پشت سەرو دەروەی ئیرادەی خەلکیە نەك ناتوانێ جیگای ئومید و رزگاربونی خەلکی بیت لە هەموو ئەو ستەم و دەردی سەریەی لە سایەی حکومەتی بەعسدا دیویەتی بەلکو لە ئیستاوە تا رۆژی نادیاری بەلاخستنی ئەم هەلومورجە خەلکی عیراقی کردۆتە قوربانی چاوەروانی و راگرتنی لە حالەتیکی هەلواسراو و دەیکاتە سوتەمەنی وەزعیەتی ناجیگیر و فەزای ترسی جەنگ، کە راگرتنی خەلکی عیراقە لە هەمان چارەنوسی ٣٠ سالی پر دەردی سەری و ژیردەستەیی و بێدەسەلاتیدا.

هاتنە مەیدانی ریزی بەرینی کریکاران و زەحمەتکیشانی خەلکی عیراق بۆ روخانی حکومەتی بەعس و تیك شکانی دام و دەزگاکانی ئەتوانێ ئومید بەخشی رزگاری و ئاسودەیی و چارەنوسی رۆشنی خەلکی عیراق بیت، ئەتوانی بەر بە ئاکامی تراژیدیای پلان و نەخشەکانی دەسەلاتدارانی ئەمریکا بکریت، ئەتوانی کۆتایی بە هەموو ئەو دەردی سەری و زولم و زۆرەی ٣٠سالە خەلکی عیراق بەدەستیەوە ئەنالینێ بهینی.

هەر هیزکی سیاسی گەر بەتەنك ئایندەی خۆشگوزەرانی و ئاسودەیی و ئازادی سیاسی و مافی ئینسانیە بۆ خەلکی عیراق پیش شەرتی هەلسورانی سیاسی دەبیت پشتگیری بکات لە هاتنە مەیدانی خەلکی بۆ دەخالەتی لە ئایندە و چارەنوسی سیاسی عیراقدا، بە بێ ئەم مەرجە ناتوانریت جیا بکریتەوە لە ئایدۆلۆژیا و بەرنامە و سیاسەتەکانی حیزبی بەعس. کە دەسەلاتدارنی ئەمریکا و ئۆپۆزیسیونی عیراقی بۆ شەریان لە بەرامبەر حکومەتی بەعسدا بە ئاشکرا رای دەگەیەنن کیشەکەیان حاکمیەتی صدامە نەك حکومەتی بە عس، وە بە دوای ئالوگۆریکەوەن کە لە ئەنجامدا بە قازانجی سەرکەوتن و بالادەستی ئەمریکا بەسەر جیهاندا بیتەوە، ئەم بالادەستیەی ئەمریکا بۆ ئەوەی سەرکەویت و پاریزراوبیت دەبیت خەلکی عیراق قوربانیەکی زۆر بدەن و بە ژیردەستە و گیرۆدەییان بەم وەزعە رازی بن، واقعیەتیش ئەوە نیشان ئەدات چارەنوسیکی مەترسی دار بۆ خەلکی عیراق کەوتوتە بەر لیشاوی سیاسەتی بالا دەستی ئەمریکا.

بەر گرتن بە نەخشە و هیرشەکانی ئەمریکا بە بەهیزکردنی بەرەی دژی شەر و بەریخستنی نعترازی جەماوەری بەرین لە سەرتاسەری جیهاندا دەگیریت، دەبیت خەلکی عیراق بینە مەیدان و حکومەتی بەعس برۆخینن بە روخانی حکومەتی

بەعس لەلایەن جەماوەری خەلکیەوە بەر بەو تراژیدیایە دەگیریت کە حکومەتی ئەمریکا بۆ چارەنوسی خەلکی عیراق دای رشتووە و شکستیك لەسەر زلهیزی ئەمریکا تۆمار دەکات.

خەلکی کوردستان دەبیت ریگە نەدەن ریکەوتنەکانی نیوان ئەحزابی دەسەلاتدار لە کوردستان و حکومەتی ئەمریکا لەسەر چارەنوسی عیراق بە بێ ئیرادە و دەوری خۆیان سەر بکریت، چونکە بە بێ هاتنە مەیدانی خەلکی بۆ دیاری کردنی چارنوسی خۆیان، سەرگردانیەك کە ١٠سالە کوردستان بەسەری دەبات سەخت ترو و پر دەردی سەرتردەبیت.

ئیستا لە هەموو کات زیاتر کاتی ئەوە هاتووە بە دەوری حیزبی کومونستی کریکاری عیراقدا خۆمان ریك بخەین و خەباتی جەماوەری بەرفراوان بەری خەین بۆ روخانی حکومەتی بەعس و پوچەل گردنەوەی تەواوی سیاسەتکانی ئەمریکا و ئۆپۆزیسیونی بورجوازی عیراقی. دەبیت خەباتمان لە ریگا بەرپاکردن و دامەزراندنی جمهوری سوشیالستی بەرینە پیشەوە.

www.kurdistannet.org